Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.01 00:24:47 +01'00'

# کومیته ی هاوکاری حیزبه کوردستانیەکان له سویس

## گوزارشی ڕێپێوانی کوردەکانی دانیشتوی سویس

له ڕۆژی 31/01/2004 له لایەن کوردەکانی دانێشتوی سویسەوه و به ڕێکخستنی کومیتەی هاوکاری حیزبه کوردوستانیەکان له سویس ڕێپێوانێك به مەبەستی پشتگیری کردن له فیدرالیزمی نەتەوەیی و جوغرافیایی بۆ کوردوستانی عێراق له شاری بێڕن ئەنجام درا . ئەم ڕێپێوانه له بانۆفی بێڕنەوه بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا له شاری بێرن بو. بەشداربوان به بەرز کردنەوەی ئالآی کوردوستان و شعاری فیدرالیزم بۆ کوردوستان و کەرکوك دڵی کوردوستانه و... هاودەنگی خۆیان لەگەل هەمو گەلی کورد و پارلمانی کوردوستان و سەرکردایەتی کورد دەربڕی . هەروەها هەیئەتێك له لایەن کومیتەی هاوکاری حیزبه کوردوستانیەکان له سویس و به نوێنەرایەتی بەشدار بوانی ڕێپێوانەکه بۆ پێشکەش کردنی داخوازه ڕەواکانی گەلی کورد چونه ناو سەفارەتی ئەمریکا و لەگەل ئەوان وت و وێژیان کرد .پاشان بڕیارنامەی کومیتەی هاوکاری حیزبه کوردوستانیەکان له سویس خوێندرایەوه که دەقەکەی له خوارەوه هاتوه . له سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ ڕێپێوانەکه کۆتایی پێ هات .

# کومیته ی هاوکاری حیزبه کوردستانیەکان له سویس

بڕیارنامەی خۆ پیشاندان

بەڕێزان !

بەپێی ویست و ئیرادەی میلیونی خەڵکی ماف خوراوی کوردستان ، ئەمڕۆ لێره له بەردەم بارەگای سەفارەتی ئەمریکا له سویس کۆ بوینەتەوه تاوەکو ئێمەش پەیوەست بین به ڕیزی یەکپارچەی گەلی کورد بۆ دەستەبەر کردنی ئەومافانەی که به دەستی داگیرکەرانی کوردستان به درێژایی مێژوو تاڵان و پێ شێل کراون. کۆ بوینەتەوه تاوەکو داکۆکی له مافی میللەتێك بکەین که دەیان ساڵه بەهۆی بەندوبەستی ناڕەوای وڵاتان حاشا له مەوجودیەتی دەکرێ ، بێدەنگه له ئەنفال و کیمیاباران و له یەك کەلامدا چاوپۆشی له جینۆساید و قەڵاچۆی میللەتێك ئەکرێ.

جێگای خۆشحاڵییه که مافی میللەتانی بن دەست ئەمڕۆ له سایەی خەباتی خۆیان و هەمو ویژدانێکی وەخەبەرهاتووی نێودەوڵەتی دا له هەمو لایەك حەل بوون یان له قۆناغێکی باش دان . بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان وداخه ئەوەیه که گەلی کورد بەگشتی لەگەڵ هەمو خەباتی نەپساوه و قوربانی کردنی سەدان هەزاری خۆی دا تا ئێستاش بەپێی پێویست له لایه ن مافی مرۆڤ و ڕێکخراوه نێودەوڵەتێه پەیوەندی دارەکانەوه حەقی خۆی پێ نەدراوه و ڕێگایەك بۆ چارەسەری بنەڕەتی کێشەی کورد دەست نیشان نەکراوه .

ئەمڕۆ ئێمەش هەمو حیزب ولایەن و ئەفرادی ئازادیخوازی دانیشتوی سویس هاودەنگ له گەڵ هەموخەڵکی کورد و دۆستانی گەلی کورد ، داوا له ڕای گشتی دونیا ، نەتەوه یەك

گرتوەکان ، وڵاتە یەك گرتوەکانی ئەمریکا وەك حاکمی کاتی عێراق وە هەمو وڵاتانی ئەوروپایی دەکەین بۆ حەلی کێشەی کورد بەگشتی و حەلی کێشەی کوردستانی عێراق یارمەتی دەر و پاڵپشتی ویستی حەق خوازانەی گەلی کورد بن .

کورد داوای پێك هێنانی سیستەمێکی فیدڕاڵی لە عێراق دا دەکا کە هەمو میللەتانی چوارچێوەی عێراق بە مافە ڕەواکانیان بگەن و بەم شێوە هەمو لا لە مافی یەکسان لە بەڕێوەبەری وڵاتدا بەشدار بێ .

کۆتایی بە هەر چەشنە زۆرە ملی و تەجاوزێك بێ ویەم پێیەش کورد لە کوردستانی بەشی عێراق دا بڕیاری چارەی خۆنوسین بە دەست بێنێ و چی دی تاریخ بە دژی دوپات نەبێتەوە . ئەوە تەنیا ڕێگای زە ما نەتی عێراقێکی بە سویاتی فیدراڵ و کوردستانێکی فیدراتیڤە .

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە داوا لە هەمو ڕێکخراوو دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی وڵاتە یەك گرتووەکانی ئەمریکا ئەکەین پشتیوانی گەلی کورد بکەن کە : لە ڕیفراندومێکی ئازاد دا چارەنوسی خۆی دیاری بکا و ویست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کورد حاکمی بێ ئە م لاو ئەولای چارەنوسی خۆیان بکا. کوردە دەرکراوەکانی شاری کەرکوك بگەڕێنەوە سەرملّك و ماڵی خۆیان و کەرکوك جارێکی دیکە وەك شارێکی ڕەسەنی کوردستان بەڕەسمیەت بناسرێتەوە . غێراقی فیدراڵ و کوردستانی فیدراتیڤ وەك سیستەمی سیاسی داهاتوو دەسنیشان بکرێ. بەم پێیە بێ گومان کورد شانازی بە مانەوەی لە چوار چێەوی عێراق دا ئەکا و چۆن وەك یەکێك لە سەرەکی ترین هێزەکانی بەشدار لە ڕوخانی دیکتاتۆری سەدام دا هاوپەیمانەتی خۆی بە ئیسبات گە یاند ، لە داهاتوش دا تە جروبە ی سەرکەوتوی وڵاتداری خۆی بۆ ئاوەدان کردنەوە و دوبارە زیندوکردنەوەی وڵاتی عێراق وە گەڕ دەخا و وڵات بە وڵاتی خۆی دەزانێ .

**کومیتە ی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان لە سویس**

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

حیزبی شیوعی کوردستان

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کورستانی ئێران

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ڕێك خستنا سوسیالیستا کوردستان

پارتی یه کیەتی کورد لە سوریه

پارتی یەکیەتی دیموکراتی کورد لە سوریه

پارتی سوسیالیستی کوردستان PSK

حیزبی دیموکراتی کوردستان سوریه

بێرن 31.01.2004


STOP
ACHTUNG
DURCHFAHRT GESPERRT